# گۆشەی سبەینێ

گۆشەیەکی هەفتانەی نووسەرە ، کە لە یەک کاتدا لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) لە کوردستان و لە سایتی دەنگەکان بڵاودەبێتەوە.

**ڕزگار عومەر**
rezgar70ca@yahoo.com

## وێنەکانی سەدام ، وێنەکانی ئێمە

**هەفتەی ڕابردوو ، بڵاوبونەوەی چوار وێنەی سەدام ، هەرایەکی زۆری نایەوە ،وێنەکان گوزارشت لە ژیانی سەدام دەکەن لە نێو بەندیخانەدا ، دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکان ، دەست کەوتنی کۆپیەك لە ڕۆژنامەکە ، کارێکی ئاسن نەبوو ، نرخی ڕۆژنامەکەش بەرزبۆوە بۆ چوار دۆلار ، هەروەها ڕۆژنامەکە لە مەزادێکی کراوە لە ئەنتەرنێتا بۆ هەر کۆپیەکی ئۆرگیناڵ لەم وێنانە نزیکەی 20هەزار دۆلار داوادەکا! هەڵوێستی موحامیەکانی سەدام و خانەوادەکەشی ئێستا لەوەدا کۆبۆتەوە کە ئەوان بە نیازن سووی ڕۆژنامەی ناوبراو بکەن .**

**پرسیارێك کە من لە دوای بینینی ئەو وێنانە لەلام دروست بوو ، ئەوەبوو ئەم وێنانە خزمەت بە چی دەکا ؟**

**بینینی سەدام بە نیوە ڕووتی ، کە پێشووتر خەڵکی کوردستان و عێراق ، بینیویانە کاتێ تی ڤی ڕژێم خۆی مەلە کردنی سەدامی بلاو کردوە کە لە گەڵ پاسەوانەکانی خۆی لە ڕووباری دیجلە مەلە دەکەن ، چ کەشفێکی تیایە ؟ زیندانیەك لە نێو زیندانا جلەکانی خۆی دەشوا ! یان گریمان وێنەی سەدام کاتێ قاپەکانی خۆی دەشوا ؟ ئەم وێنانە یەك دەنك خزمەت بە خەڵکی کوردستان و عێراق ناکا ، کەیسی دژی سەدام ، لە تاوانەکانی سی ساڵەی حوکمی دیکتاتۆر و ڕژێمی بەعس ، گەورەترە لە وێنە گرتنی تاوانبارانی جینۆساید لە سوچێکی زیندان و لە کاتی بەسەر بردنی ڕۆتیناتی ژیانی ڕۆژانە . بەیانی هەر یەك لە ئێمە بە حەق یان بە ناحەق بخرێینە زیندانەوە ، لەوێ چار نیە دەبێ ڕیشمان بتاشین ، حەمام بکەین و جلەکانی خۆشمان بشۆین و قژیشمان بتاشین دەنا ئەسپێ دەمان خوا .**

**ئەم وێنە تازانەی سەدام منالانەن ، بە پێچەوانەی ئەمەش وێنەکانی تری سەدام ، لە نێو قەفەسی دادگادا وێنەی پڕ بە دڵی ئێمەن و کۆمەکی بە کەیسی دژی سەدام و دیکتاتۆر و ڕژێمە لە سەر دەسەڵات ماوەکانی هەموو ناوچەکە دەکا ، ئەگەر سەدام لە بەندیخانە خەریکی نووسینی ڕۆمان بێ ، یان شیعر بنووسێ ، یان بیرەوەریەکانی خۆی بنووسێتەوە ، تەفسیلاتێکی بێ نرخە و پولێك ناهێنێ ، ئەگەر لایەنی پەنای ئەم وێنە گرتنانە ڕاست دەکەن ، بۆچی وێنەی ئەم مفاوازاتانەیان نەگرت کە ئەمریکیەکان ئیمساڵ ژێربەژێر لە زینداندا لە گەڵ سەدامدا سازیان کرد ؟ شەرعیەت دان بە بچووك کردنەوەی دیکتاتۆر لە ڕووت کردنەوەو زەلیل کردنی شەخسی بە دەست نایەت ، بەڵکو لە دادگایی کردنێکی ئاشکرا ، لە سەر زیاتر لە چارەکە سەدەیەك خوێن ڕشتن ، لە سەر جینۆساید ، لەسەر دەیان کارەساتی تر و تاوانکاری بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و عێراق بە دەست دێت .**